

# ژن

# یەکەمین باڵندە بوو

حەمەکاکەڕەش-سوید

ژن یەکەمین باڵندە بوو
خواوەند باڵەکانی لێسەندەوە
خواوەند دەیزانی پیاو
بەرگەی فڕین ناگرێ
پیاو ناتوانێ بفڕێ
......   ......   .....
ژن باخچەیەکە بەنەرموشلی ئاو مەستە
ئاو ژنێکە لەسووتانا عاشقانەتر تاسەی دەکەین
ژن دڵی رچیوی بەفریش گەرمدەکاتەوە
پیاو دڵی گەرمی ئاگریش دەشکێنێ
ژن بیابانی پڕکرد لەئاو
پیاو ئاوی پڕکرد لەبیابان
.....   ...... ..... ....

تەنیایی لەو کاتەوە دەست پێدەکا
خەون بەژنێکەوە نەبینی
بێدەنگی ئەو سەردەمەیە
دەنگی ژنێک نەڕژێتە دڵتەوە
کوێربوون ڕۆژگارێکە
رەنگی ژنێک داتنەپۆشێ
پیری ئەو دەمەیە
ئەستێرەی پەنجەکانی ژنێک
لەئاسمانی دەستەکانتا نەدرەوشێتەوە..

## ئاگری تەڕ

مناڵ بوو هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو
هێشتا باڵندەکان دەنووکیان لەڕووناکی نەدابوو
هێشتا گومان ڕوحی دانەپۆشیبووم
هێشتا تاریکی دەستەکانمی نەدەناسی
هێشتا پێکەنینم بەگریان نەدەهات
هێشتا بۆن و ڕەنگی گوڵەکان ئاشنام بوون
مردنیش هیچ واتایەکی نەبوو
ئاسمان هێندە دوور نەبوو با هێمنترو
بەرد وا کەللە ڕەق نەبوو
ژیان بەهەموو ڕەنگەکانییەوە
تەڕ تەڕ بوو بەشەونم
ژیان وەک مناڵێکی لاسار
بەدار تووە کاندا سەردەکەوت و
یەک دنیا تووی بۆ دەتەکاندم
ژینا لەسەربانی کۆترەکانەوە
ئەیوت وەرە هەورەکان بکەرە کۆلارە
وەرە نوکی تیژی ئەستێرەیەک بشکێنە
وەرە ماچی عاسمان بکە
وەرە بۆ کۆلارە بچڕاوەکانی خەیاڵ بگەڕێ

وەرە لەم دەریا شینەدا
مەلەکە مەلەی گەیشتن بەباڵ
مناڵ بووم مناڵ
هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو
من دەچوومە کۆڵان
کۆڵان خەونبوو
کۆڵان بەدەنگی من هەڵدەسا
بەدەنگی من ئاوە دان دەبووەوە
مناڵ بووم
قامیشم لەشینایی و ئاو دادە بڕی
بەخەیاڵی مناڵی
قامیش دەبوو بە ئەسپ و غاری دەدا
یاخ پشتی چەند ئەسپ قامیش
لەغاردا دەشکا
مناڵ بووم هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو
دەچوومە کۆڵان
کۆڵان پڕدەبوو لە ژنی وەک باران
لە پیاوی وەک ئاگر
لە حەزی وەک زریان
کۆڵان پڕدە بوو
لەعەرەبانەی پڕمیوەو
لە دەست گێڕی فاڵچی و
لە بەیانی باش و لە مشتەری عاشق
کۆڵان پڕدەبوو لە ڕوانینی پڕ لە زار
لە هەناسەی پڕ لە چرپە
ڕۆیشتنی پڕ ناز
کۆڵان پڕدەبوو
لە تیشکە گەرمەکانی هەتاو
لە حەسرەت و خەیاڵ
لە عاسمان و ئەستێرەو
باڵندە و فڕین و مردن و باڵ
کۆڵان پردەبوو

لە حیکایەتی ڕابردووی بەردەوام
لە خەونی ئاڵۆز
فەرموودەی هیچ و پووچ
کۆڵان پڕدەبوو لە قسە
کۆڵان پردەبوو لە دەنگ
یەکێک ئەیووت
بەئیمانم ئەو ژنە لە دەریاوە هاتووە
ماسییەژنە ماسییەژن
ئای چەن تەڕە
بەو تەڕییە ئەمسووتێنێ
کێ ئاگری تەڕی دیووە
هێشتا بۆنی دەریای لێدێت
چاوەکانی پر لە گڕن
مەمکەکانی وەک پشکۆی ناو دەستی با گەشدەبنەوە
یەکێکی تر نا ئەو ژنە
لە عاسمانەوە باریوە
چاوەکانی دوو ئەستێرەن
پر خەیاڵن
لێوەکانی وەک لێوی مانگ
پڕ تریفەو پر لە باڵن گیانی ئەڵێی
پەڵە هەورێکی سپیی یە
قژی شەوی پڕ بارانە
بەسەر کۆڵاندا باریووە
کێ بارانی ڕەشی دیووە
کە مناڵ بووم
گاڵتەم بە حیکایەتەکانی کۆڵان دەهات
کەمناڵ بووم نەمدەزانی فڕین وباڵ
ڕوانین و ڕاز چرپەو خەیاڵ
ئەمانە واتایان چییە
نەمئەزانی ئاگری تەڕ
ئاوی سوتاو بارانی ڕەش
هەورە ژن و ماسییە ژن

ئەمانە چین هیچ تێنەدە گەیشتم
کە قسەیان لە بڕینی عەشق دەکرد
کە بیریان لە باڵ دەکردەوە
بۆ فڕین
بە عاسمانی عەشقدا
کە گەورە بووم
خەیاڵی ژنێک
خەریک بوو بم کووژێ
کە گەورەبووم
عەشق و جوانی ژنێک
وەک تیشکێ دەڕژایە هەستمەوە
کە گەورە بووم
ژنێک لە باران تەڕ تر بوو
کە چی لە ئاگر گەرمتر
دەیسووتاندم
کە گەورە بووم
ژنێک لە ئاگر گەرمتر بوو
کەچی لەبەفر دڵڕەقتر
دەیتەزاندم
کە گەورە بووم
لە ژیر بارانی ڕەشی قژی ژندا
سپی سپی دەچوومەوە
کە گەورە بووم
ژنم ناسی
عەشقی ژن بووم
ئاگری تەڕ سووتاندمی
ئاگری تەڕم خۆشدەوێ
ژن ئاگری تەری پێیە